# باوەنور

سەردار عەزیز

پەراوێزێکی تینوو بۆ گۆڕان

کۆمەڵی لاو ئێوارەیەکی گەرم، دوای ماندووبونێکی زۆر، لە نهومی سەرەوەی قوتابخانەیەکی ناوەندی، کۆڕێکیان بۆ ریکخستم. ئەوان لە هەمانکاتدا سەرگەرمی پێکەوەنانی کۆمەڵەیەک بوون لە ژێر ناوی "کۆمەڵەی مەدەنیەت". ئەو ئێوارە کۆرە یەکەم چالاکیان بوو. شوێنەکە شارۆچکەیەکی پەراوێزی بوو لە ناوچەی گەرمیان، ناوی باوەنورە.

لاوەکان داوایان لە من کرد دەربارەی شار قسەیان بۆ بکەم، پاش مشتومرکردن رێکەوتین کە کۆرەکە ناوبنێین، شارو رەهەندەکانی پێکەوە ژیان. لێرە لەم نوسینە کورتەدا حەزئەکەم دەربارەی چەند کێشەیەک قسەبکەم کە پەیوەندی بە لاوو کێشەکانیەوە هەیە بەتایبەت لە جوگرافیایەکی بە پەراوێزبوودا.

هەموو ناحیەکانی تری کوردوستان لە باوەنور باشتر نین، لەو جێگایانەدا خەڵک، بەتایبەت لاو، لە دوالیزمێکی پڕ لە ئازارا ئەژین، ئەویش دوالیزمی شارو لادێیە. شار دەستکەوتی مۆدێرنەیە. مۆدێرنە ئەو پرۆسەیەبوو کە دابرانێکی سەرتاسەری بە سەر کۆمەڵگاو ژیاندا هێنا. مرۆڤ لە قۆناغی ژیان لەگەڵ سروشتدا گواستیەوە بۆ دەستەمۆکردنی سروشت. کۆمەڵگای ئێمە بەم قۆناغەدا تێنەپەریوە بۆیە ناتوانێ بە پرۆسەی دابران هەستێ.

گۆران لە کۆمەڵگای ئێمەدا لە دەرئەنجامی بیرکردنەوەدا نیە، بەو مانایە کە گۆران رووئەدا دەرئەنجامی فیکری ئێمە نیە، بەڵکو بەهۆی گۆران لە بارودۆخی سیاسی یان ئابووریەوە رووئەدات کە زۆربەی جار فاکتەرەکانیان دەرەکین. لێرە یەکێک لە قەیرانە ئاڵۆزەکانی کۆمەڵگای ئێمە سەرهەڵئەدا، ئەویش، ئێمە رەنگە ببینە خاوەنی شتەکان بەبێ تێگەیشتن لێیان.

کاتێ لاوەکان داوایانکرد قسە لە سەر شاربکەم، ئەوە بۆخۆی ئاماژەی بۆ ئەوە ئەکرد کە ئەوان پرسیاریان هەیە دەربارەی ئەو چەمکە. لە سەردەمی گریکەکانەوە ئەوە روونە کە تەنها لە رێگای پرسیارکردنەوە ئێمە ئەتوانین لە شتێک بگەین. بەڵام پرسیارکرن لە شێوازە سۆکراتیەکەیا نەک پرسیاری دۆگما.

قسەکردن دەربارەی شار، قسەکردنە دەربارەی شێوازێکی تر لە پێکەوە ژیان؛ شێوازێک کە کەسەکان تیایا رووبەرووی ئەوانی تر ئەبنەوە. ئەوی تر جودایە لە سروشت، هەردەم ناچارت ئەکا لەبەردەمیا هەڵوێست وەرگریت. کارێکی وەهاش پێویستی بە هەوڵ و کۆششە. ئەویتر رەنگە مایەی ترس بێت، یان خۆشی، یان لە زۆرباردا خراپ لەیەک گەیشتن یان پێکەوە نەگونجان.

ئەوەی لە باوەنوور مایەی تێرامان بوو، کۆمەڵێ پرسیاربوو وەک: شار چیە، شاری کێیە، چۆن کەسێک ئەکرێت ببێتە شاری! من لێرەدا بە پێویستی نازانم بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارانەدا برۆم، بەڵکو ئەوەی زیاتر مایەی لەسەر وەستانە پەیوەندی نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگایە لە شوێنێکی وەک شاردا. شار بەهۆی پێکهاتەکەیەوە پێویستی بە رێکخستن و بەرێوبردنە، بەهۆی ئەم پێداویستیانەوە دەسەڵات هەردەم بەشێکی جیانەبووەی شارە. دەسەڵات دەیەوێ شار بەپێی پلان و بەرنامەکانی خۆی بەرێوەبات، بۆ ئەوەی لە دوا ئەنجامدا بۆ زۆرترین کات درێژە بەدەسەڵاتەکەی بدات. بۆیە مایەی سەرسورمان نیە کاتێک کە دەسەڵات دەگاتە ئاستی کۆنترۆڵ ئیتر ببێتە بەربەستێک لە بەردەم گۆراندا. لە بەرامبەر ئەمەدا کۆمەڵگا هەیە، لە شوێنێکی پەراوێزی وەک باوەنوردا زۆرینە خوازیاری گۆران نین چونکە ئەوە رەنگە ببێتە مایەی دڵەراوکێ و ترس بۆیان. لە بەرامبەردا کەمینەیەک هەیە کە خوازیاری گۆرانن بەڵام لەلایەن کۆمەلگاو دەسەڵاتەوە بە پەراوێزکراون. ئەو کەمینەیە لاوانن.

لاو وەک چەمک تەنانەت لە کۆمەڵگای رۆژئاواش نوێیە. مێژووی سەرهەڵدانی دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی شۆرشی پیشەسازی. لە کۆمەڵگای ئێمەدا لاو وەک قۆناغێک لە ژیان هێشتا نەناسراوە. زۆربەی خێزانەکان وا باشتر ئەزانن مناڵەکانیان وەک پیاوێک(ژنێک) گەورەکەن، دوای لێبکەن وەک پیاوێک هەڵسوکەوت بکات. لاو وەک هەرزە و ساویلکە تەماشا ئەکرێت. رەنگە لاوان دوور نەبن لەو سیفەتانەوە بەڵام ئەمە داوامان لێئەکات زیاتر زانستیانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵابکەین، مافیان بدەینێ، گوێیان لێبگرین. چونکە تەقینەوەی هێزە پەنگخواردوەکانیان هەردەم بە زەرەری سەرجەم کۆمەڵگا دەگەرێتەوە. شۆرشی خوێندکارانی 1968 لە رۆژئاوا جگە لە سیکس و حەشیشەکێشان و مناڵبازی هیچی تری بۆ کۆمەڵگا نەهێنا.

له باوەنوور لاوەکان ووزەو تینێکی زۆریان تیابوو، هەڵگری خەونێک بوون، هەرچەندە لە هەندێکیانا سەرەتای لە دەستدانی ئەو خەونە دیاریدابوو. بەڵام ئەوەی نەبوو رێکخستن بوو هەروەها چۆنێتی بەسیاسیکردنی خەون و داواکان بوو. بیار بۆردیو زیاتر لە هەموان لە سەر ئەم چەمکە پێ دائەگرێ؛ هەرچەندە رەنگە کێشە هەبێ، خەڵک هەبن، بەڵام ئەگەر نەتوانرێ رێکبخرێت، نوێنەرایەتی بکرێ، ئەوا ناتوانێ ببێتە هێز، ناتوانێ بکەوێتە گفتوگۆ، لە دوائەنجامدا هیچ فشارێک بەرەم ناهێنێ و هیچ گۆرانێک دروستناکات.
لە هەمانکاتدا ئەوەی بۆ لاوەکان پێویست بوو، بوونی مەرجەعیەتێکی فیکریە بۆ تیوریزەکردنی کێشەکانیان. تا ببێتە بنەمایەک بۆ پراکتیزەکردن، ئەفسوس رۆشنبیرانی کورد ژمارەیەکی زۆر کەمیان نەبێ، توانای تیوریزەکردنی هیچ کێشەیەکی کۆمەڵگایان نیە. نەبوونی تیورە وەها ئەکات لاوەکان نەتوانن ببنە خاوەن دونیابینی خۆیان، لە بری بروابوون و هەوڵدان بۆ گۆڕان بەرەو عەبەس برۆن، وەک یەکێک لە ئامادەبوان ووتی، 'تەنها پێڵاوەکانم بەم شارەوەم ئەبەستێ'.

یەکێک لە سیفەتەکانی شاری ئەم سەردەمە، نامۆبوونە. نامۆبوونی کەسەکانی بەیەکتری. ئەم دیاریدەیە لای باومان بە نێگەتیف لێک ئەدرێتەوە، چونکە لە کۆتایدا دەبێتە هۆی لە دەسچونی کۆمەڵگا. بەڵام هەر هەمان دیاریدە دەکرێ رووی پۆزەتیڤی هەبێ؛ نامۆبوون رێگا بەکەسەکان ئەدەن خۆیان بن، بە جۆرێک بژین کە خۆیان دەیانەوێ. لە بەر پێکهاتەی سۆسۆلۆژی کۆمەڵگای ئێمە ئەم نامۆبوونە بە ئاسانی بەرقەرار نابێت، بەڵکو کۆمەڵگای ئێمە نەفرەت لە نامۆ و نامۆیی ئەکات، بۆیە کەسەکان؛ هەڵسوکەوتیان، چۆنێتی قسەکردنیان، جل لەبەرکردنیان، هەردەم مایەی باسکردنە لەلای ئەوانی تر. ئەمە سنورەکانی ئازادی تەسک ئەکاتەوە؛ کەسەکان دەبێ هەردەم لە خەمی ئەوەدابن کە کۆمەڵگا لێیان رازی بێت. لە شاری بچکۆلەو شارۆچکەدا ئەم دیاریدەیە زەقتر دیارە.
لە باوەنور و هەموو شارەکانی تری لەو شێوەیە چەند گۆرانێکی بنەرەتی پێویستە. هەرەگرنگترینیان بە لۆکاڵکردنی دیمۆکراسی، بەو مانایە بەرێوبەری شار دەبێ لە رێی هەڵبژاردنەوە بێت تا نوێنەرەکان لە میانەی بانگەشەی هەڵبژاردنیاندا کێشەکانی نێو کۆمەڵگا بکەنە جێی قسە و باس. پەیوەندی کردن بە دونیاوە لە رێگایی زانیاریەوە؛ وەک دابینکردنی ناوەندی ئینتەرنێت و کتێبخانەی گشتی پڕ لە کتێب، چونکە لە رێگایانەوە جێگاکان لە پەراوێزبوون ئەکەون، (جێی ئاماژە پێکردنە رۆژنامەی هاوڵاتی پڕ فرۆشترین رۆژنامەیە لە شارۆچکەکەدا، کە بۆخۆی نیشانەی ئەوەیە کە خوێنەرەکان لە میدیای حیزبەکاندا هیچ پانتاییەک بۆ خەمەکانیان نادۆزنەوە). سوودوەرگرتن لە کاتی بەتاڵ، کە لە رۆژئاوا بۆخۆی بیزنێسێکی گەورەیە، لە رێگایی کردنەوەی هۆڵی شانۆ و سینەماو مۆسیقاو بنکەی وەرزشی. لە رێگای هەبوونی ناوەندی وەک ئەوانەی باسکران، کەسەکان دەرفەت ئەدۆزنەوە بۆ پێکەوە گونجان، بروا بەیەککردن، رێکخستنی گروپ و هەڵبژاردنی نوێنەر؛ کە هەموویان بنەما سەرەکیەکانی دیموکراسین. لە سەرووی هەموو ئەمانەوە هەوڵدان بۆ بە ئاگاهاتنەوە لە کێشە وردەکان و رێگە نەدان بە فەرامۆشکردنیان. ئەفسانەکانی دیموکراسی چ بایەخیان بۆ پیاوێک هەیە کە سەرتاپا تەمەنی لە تەنیشت زێرابێکەوە بە سەربەرێ. پشتگوێ خستنی ئەم جیگایانە رەنگە لە دەرئەنجامدا ببنە لانکەیەک بۆ گەشەکردنی فیکری توندرەوی ، وەک نوسەری تورک ئۆرهان بایموک لە رۆمانی بەفردا باسی لێوە ئەکات.